# ڕوونکردنەوەیەکی پێویست دەربارەی ئەو دیمانەیەی سەبارەت یانەی "میدیــا" ئەنجام درابوو ... ڕاگەیاندنی یانەی کوردی "میدیـــــا"





لە ژمارە 45 ی ڕۆژی 2005/07/15 ی هەفتەنامەی (PEYAMÎ Kurd) کە لە ئەڵمانیا دەردەچێت و لە ماڵپەڕی (کوردستان نێت) ی ڕۆژی 2005/08/26 دا برای ڕۆژنامەنووس کاك "ساسان دەروێش" چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کارمەندی یانەی کوردی "میدیـــا" لە هۆڵەندە (سەردار فەتاح ئەمین) دا ساز دابوو، لە یەکێك لە پرسیارەکانی دا دەربارەی ئەوکاسانەی لە درێژایی دروست بوونی مێژووی 16 ساڵەی میدیـــا دا، کاریان کردووە، ڕۆژنامەنووس پرسی بووی (کێن بەدرێژایی ئەومێژووە وەک سەربازی وون لەوپێناوەدا کاردەکەن؟)
لە برگەیەکی وەڵامەکەدا دا بەم شێوەیە وەڵام درابۆوە:
(ڕەنگە ڕێکخراوێکی مەزنی وەك "میدیـــا" لە ڕۆژی دامەزراندنی یەوە تا ئەمڕۆ ئەگەر بێین بە وویژانەوە باس لەو هەموو ئەو سەربازە نادیارانە بکەین، کە لە پشت پەردەوە، لە یەکەم ڕۆژەوە کاریان کردووە، وەك مۆم سووتاون و ڕووناکیان بۆ دەوور وبەرەکەیان هەبووە زۆرن. ڕەنگە بە چەند ووشەیەك لە وەڵامی پرسیارێکی وا دا غەدر لە هەندێك بکرێت ئەگەر نەتوانرێت یان من ناوی هەموویان نەزانم، لە تۆمارکردنی یەکەم دەستەی دامەزرێنەری "میدیـــا" دا لای دادنووس. ئەم ناوانە هاتوون: عیماد عیزەت ڕەشید، سالار سەلمان میراخۆر، حسێن عەزیز سێودین.
پاشان ئەوەی من لە برادەرانی ترم بیستووە و لە کۆنوسی کۆبونەوەکاندا ناوەکانیانم بەرچاوم کەوتووە، یەکەم لیژنەی "میدیـــا" پێك هاتووە لە: عیماد عیزەت ڕەشید، حێسن قەرەداخی، بەختیار ڕەسوڵ یاڵح، فوئاد عیزەت و کاوان زاهیر حسێن و هەر ئەم 5 کەسە لەسەر ئەرکی گیرفانی خۆیان وەك ووتراوە پارەی خۆتۆمارکردنی ڕێکخراوەکە و دروستکردنی ستاتوسی "میدیـــا"یان داوە بە دادنووس"نۆتاریس". . . هتد.

## ڕاستکردنەوەی هەڵەیەک بۆ مێژوو:

کارمەندی "میدیـــا" ناوەکانی، کاتی خۆتۆمارکردنی لە زاری کاك بەختیار قەڵادزەیی وەرگرتووە، بەڵام وەك لە پاشان ڕاستی یەکە دەرکەوت بەرێزان: عیماد عیزەت ڕەشید، حێسن قەرەداخی، بەختیار ڕەسوڵ سالح، عومەر فارس عەزیز و کاوان زاهیر حسێن بوون هەر ئەم 5 کەسە لەسەر ئەرکی گیرفانی خۆیان، پارەی خۆتۆمارکردنی ڕێکخراوەکە و

دروستکردنی ستاتوسی "میدیـا"یان داوە بە دادنووس" و بەڕێز"فوئاد عیزەت"یان لەگەڵ نەبووە، پاشان لە دەستکەوتی ئاهەنگێکدا پارەکانی خۆیان وەرگرتۆتەوە و بەڕێز (پێشڕەو گورجی) یش لەگەڵ ئەندامە سەرەتاییەکانی دامەزراندنی "میدیـا" دا بەشداری کردووە، بەڵام هەر زوو کشاوەتەوە. ئەم ڕوونکردنەوەیەمان تەنها بۆ ڕاستکردنەوەیەکی هەڵەیەکی مێژوویی خستە پێشچاو هیوادارین لە ئایندەدا، بتوانین زیاتر لە بارەی کارە خزمەتگوزاری یەکانی یانەی "میدیـا"وە بدوێین.